# مێزگردێک لەبارەی شانۆی عەرەبی لەسەدەی بیستەمدا

ئەم مێزگردە بۆ بەرنامەیەکی تایبەتی کەناڵی ئاسمانی ئەلجەزیرە سازکراوە، کەچەندین روناکبیری تریش بەشداری تیا کردووە بۆ ئەوەی لەچەندین تەوەری جیاواز بیاندوێنن لەوانە (محەمەد ئەرکۆن و ئەحمەد ئەلمەدینی) بەڵام ئێمە تەنها ئەو بەشەمان لەبەرنامەکە بۆ کوردی ئامادەکردۆتەوە کە پەیوەندیی بە شانۆوە هەبووە، بەرنامەکەش لەلایان رۆژنامەنووس (سلام سرحان) ەوە پێشکەش کراوە

* شانۆکارانی عەرەب سەدەیەکی بەتینیان بەڕێ کرد لەنێوان دانانی ڕێساکانی شانۆی سوونەتی، لەنێوان هەوڵەکانی یاخی بوون بەمەبەستی داڕشتەی ژیانێکی شانۆیی نوێ کە متمانە بکاتە سەر ئەزموونگەری، شانۆی عەرەبی بە پێشرەویەکی مەزن دەستی پێکرد، کەوایە شانۆکارانی عەرەب چۆن سەیری کۆتایەکانی ئەم شانۆیەی سەدەی بیست دەکەن؟

صلاح القصب: نەخشەی شانۆی عەرەبی دەست نیشانی ئەوەی نەکردووە کە ئەو شانۆیە بە ئەزموونکاریەت دەستی پێکردبێت، بەڵکو دەسەڵاتی دەقی ئەدەبی پاوانی نمایشەکانی کردووە، لەبەر ئەوە شانۆکەی لە پانتاییە جوانکاریەکان بەدوور بووە، هەروەها بەدوور بووە لە مانای شێوەکاری بۆ وێنە و مەزنی و هێزی ئەفسووناوی لە نمایش، دەست پێکردنی بزووتنەوەی ئەزموونگەری یا دەست پێکردنی شانۆی پێشڕەو لە شەستەکانی ئەو سەدەیە بوو، کە نەخشەی شانۆ کاری مەزنی بەخۆیەوە بینییووە، ئەو کارانە دەستپێکردنی لە بەیروت وتوونس و مەغریب وسوریا و عیراق بووە.. ئەو نمایشانە کە لەو ماوەیە پێشکەش کراوە بە دەست نیشان کراویی لەگەڵ سەرەتای شەستەکان و تاکۆتایەکانی ئەم سەدەیە بوو، ئەو نمایشانە لە دەسەڵاتی زمان ڕای دەکرد و لە کێشوەری ئیستاتیکی بەرەو کێشوەری فەلسەفە بۆ کێشوەری هونەری شێوەکاری نزیك بۆتەوە، بەرەو کێشوەری شیعر، لەبەر ئەوە ئەبینین یا بینیمان ئەزموونەکانی کۆتایی سەدە ئەزموونی سەرکەوتوو بوون.

عبد الحق الزروالي: شانۆکارانی عەرەب هەوڵێکی زۆر خۆڕاگرانەیان داوە تاوەکو بتوانن نەریت ووەرگرتن بنیان بنێن لەپێناو تەواوی ئاراستەکان بۆ شانۆی جیهانی، دوای ئەوە ئەوسا چوونە قۆناغی گەڕان بەدوای ناسنامە بۆ شانۆی عەرەبی و سیماو تایبەتمەندیەکانی، هەڵساون بۆ بەرەنگاری هەموو ئەو گرفتانە کە پەیوەندیی بەو ڕێگایەوە هەبووە، ئامادەسازیان کردووە بە ڕازی کردنی بینەر بۆ بایەخدانی بە بابەتی شانۆیی، هەوڵیانداوە لەهەموو لایەکەوە داکۆکی بکەن لەسەر مافی شانۆیی کە ئەنجامێکی پۆزەتیڤانەی پێ بدەن، کە ڕەنگ بداتەوە لەسەر واقعی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری و هەموو ماتریالەکان، بەڵام ئەو خولیایانە پەکیان کەوتووە بەهۆی





ئەوەی بەرپرسان لە ڕێکخراوە عەرەبییەکان (لەگەڵ خەمباریەکی زۆرەوە) نەیانتوانیووە لەوە تێبگەن، بۆیە مومارەسەی جۆرێك لە پاڵەپەستۆیان دروست کردووە لەسەر بزووتنەوە شانۆییەکە بۆیە کاریگەریەکەیان بەتاڵکردۆتەوە.

بیار أبي صعب: نەمانتوانی لە خانەی سفر دوور بکەوینەوە، بەڵام پەراوێزەکانمان بردەوە. پەراوێزەکان تاکە شتێکن دەستمان کەوتن، پەراوێزی ئەوەی هەموو شارێکی عەرەبی پەیوەستە بەڕێژەی دۆخە سیاسیەکانی و پەیوەندیی بە دیموکراتی و پەیوەندیی بە ئازادی هەڵبژاردن، ئەمڕۆ ئەزموونی شانۆگەری جیهانیت لا هەیە، یانی ئەمڕۆ دەکرێ تۆ شانۆی سووری وەربگریت و بەبێ شەرم کردن بیبەیت لە لەندەن نمایشی بکەیت، ئەو هونەرە جەخت ئەکاتەوە.. جەخت لەسەر دەیالۆگی ڕاستەقینە لەتەك تەواوی ڕەگەزە هونەرییەکان بەشێوازێکی پرۆفیشینالێ، بەلام ئەبینی بیست دەرهێنەرو هونەرمەند کە کار لەهونەرێکی ئاست نزم بکەن، هونەری پلە دوو، هونەری پلە سێ کە لەڕووی کۆمەلایەتی پێنەگەیشتووە، لەڕووی فکری و جوانکاری پێنەگەیشتووە، لەهەر وولاتێکیتر بۆ نموونە تونس شانۆکاری هەیە، لە قاهیرە بۆ ئەوانیتر لەهەموو شارێك پەراوێزێکی بچووکمان وەدەست هێناوە لە شانۆیەکی پرۆفیشینالێ، بەلام ئەوەی شانۆ توانیویەتی دەست بەسەر شاردا بگرێت، مافی شەرعی خۆی لەشاردا وەربگرێت وەکو تیاترۆخانەو وەکو چێشتخانەو وەکو پەرستگا، بەکارەکەی چۆتە پەراوێزی شار، بەلام پەراوێزەکە لەو سەدەیەدا مەزنتر بووە.

* بە کۆتایی هەزارەی دووەم دەکرێ بڵێین شانۆی عەرەبی نەیتوانی ڕۆڵی ئەندامێتی لەژیانی کۆمەڵگای عەرەبی ببینێت، لێرەدا دەپرسین: شیاوترین شوێن چیە کە شانۆ بتوانێ بیبینێت لەسەدەی نوێ بۆ ژیانی شاری عەرەبی؟

عبد الحق الزروالي: پێویستە شاری عەرەبی تەواومان هەبێت، شار تەنها باڵەخانەو ڕێگاوبان و چیمەنتۆو ئاسن نیە، بنیاتی شار دەبێ لەسەر بەهای ئەو بەهایانە بێت، کە ئەوان دەلالەت دەدەن بە شار، ئێمە هەموو ئەوانەی دەیانبینین گەشەسەندنە لە چاکەخوازیی هەژاریی و پاشگەزبوونەوە لە بنیاتی مرۆیی، ئەو مرۆڤەی کە دەبێ پێویستی تیا بخوڵقێنین بۆ حەقیقەت و کاریگەر، ڕۆشنبیریی بەتەنها شانۆ ناگرێتەوە، شیعرو مۆسیقای توحفەو تابلۆی شێوەکاری، فلمی باش کە هەوڵ بدات کێشەی خاوەنی ڕەهەندی حەقیقی تیا بخرێتە ڕوو، ئەو هونەرە بەرزە بە مانا سەراپاگیریەکەی تووشی ئاستەنگ هاتووە، بێگومان شانۆش لە پێشەنگی ئەم هونەرانەدایە، هەمووان لەناو ئاستەنگێکین بۆ گەڕانەوە بەهۆی نەبوونی ئامادەباشی مرۆڤی عەرەبی بۆ تێکەڵبوون لەگەڵ ئەو پلەیە لە گەشەسەندن لە ئاگایی داهێنەرە ڕاستەقینەکان.

صلاح القصب: کاتێ شانۆیەکی پێشکەوتوومان هەبوو مانای وایە شارێکی پێشکەوتوومان هەیە، کاتێك شارێکی پێشکەوتوومان هەبوو یانی شانۆیەکی پێشکەوتوومان هەیە، ئەو دوو کێشوەرە یا دوو پانتایی ناو یەکترین، پانتایی شار و پانتایی شانۆ، کاتێ شارێکی شارستانیمان بنیاتنا، شانۆیەکی شارستانیش بنیات دەنێین، کاتێکیش شارێکی جوانکاریمان درووست



کرد.. شانۆیەکی جوانکاریش دروست دەکەین.

بیار أبي صعب: دەکرێ دوای پێنج ساڵیتر بێیتەوەو جیهانی عەرەبی دەسبەردار بوویێت و گەڕابینەوە بۆ بەسەرچووەکان.. هەموو شانۆکارەکان ون بوون، هەموو شانۆکان ون بوو بن، تاوەکو هونەر نەگەڕێتەوە بۆ پێویستیەکی خێرایی کە بەشێك بێت لەکۆمەڵگا، دەبێ بەشێك بێت لە دەزووەکەی، پێویستە بچێتە ناو ڕەفتاری کۆمەڵایەتی ڕۆژانەو نەریتە کۆمەڵایەتیەکانی و چوون بۆی، ئەوەش بێگومان پێویستی بە دامەزراوێکی پەروەردەیی ئەبێت ئەو ڕۆڵە ببینێت، تەلەڤزیۆنیش ئەو ڕۆڵە ئەبینێت، بینینی شانۆ بە سەرکێشی بە مانا گریکیەکەی، ئاوێنەیەك بێت زیندەگی هەبێت بۆ وێنەی کۆمەڵگا و کێشەکانی ڕووبەرووی بۆتەوە، گرفتەکانی، خەونەکانی، ئەوەی زیندەگی پرسیارو خەمەکانی تاکی تیا بێت، پەیوەندیی بە مەرگەوە، بە زەمەن.. بە خۆشەویستی.. بە یاساغ کراوەکان.. تاد، دەبێ شانۆ ببێ بەو کەناڵەی لە پەراوێزەوە بچێت بۆ دڵی شار، ئەوە پرۆژەیەکی کۆمەڵایەتی شارستانی سیاسیە، هەریەکێك بەتوانای خۆی دەتوانێ هەندێکی باش بکات.

* هەندێك دەڵێن شانۆ شوێن و ڕۆڵی خۆی نەدۆزیوەتەوە لەژیانی کۆمەڵگای عەرەبی، ئایا بەڕاست خەوشێك هەیە لە پەیوەندیی مرۆڤی عەرەبی بە شانۆوە؟

عبد الحق الزرالي: خەوشەکە لەنێوان مرۆۆ و شانۆ نیە، خەوشەکە لەنێوان ئەو پەڕینەوەیە ئامادەگیەی نێوان ئەو مرۆڤی عەرەبیەو ئەو شانۆییە، ئەو پەڕینەوانە جا سیاسی بن یا ئابوری یا ئاینی یا ئاکاری، یانی حزبە سیاسیەکان لە نیشتیمانی عەرەبی شانۆ بەکار دێنن و خزمەتی شانۆ ناکەن، سیستەمەکان دەیانەوێ شانۆ فڵچەیەك بێت بۆ پاککردنەوەی پێڵاوەکانیان، نە میدالیاو نە تاج لەسەری بێت.

فاضل الجعايبي: ناتوانم بڵێم خەوش هەیە بەقەد ئەوەی دەڵێم پەیوەندیەکی هەماهەنگ و لق وپۆپدارنیە لەنێوان وەرگرو توێژەر، لەنێوان بینەرو هونەرمەند، لەو کاتەی بینەری ئاسایی یارۆشنبیرەکەش ئەو ئاوێنەیە قەبووڵ دەکات کە حەقیقەت پێچەوانە دەکاتەوە، لەهەمان کاتدا ڕەفزی دەکاتەوە، واتە دەیەوێ لە پۆزەتیڤەکاندا خۆراکی بدەین، بەکەمترین سووربوون قسەی بۆ بکەین، بەکەمترین ڕاستەوخۆیی لەبارەی واقعی بدوێین، لەبەر ئەوەی ستەمکاری -بەداخەوە- تەلەڤزیۆن ستەمکاری شێوازە بیستراوەکان و بینراوەکانی بواری هونەری دەکات، ئەو ستەمکاریە لەسەر ئاگایی و لەسەر چێژ دێنێتە خوارەوە، ئەگەر شتێکمان نەووت لەبارەی کشانەوەی ئەو نرخە بەهایەی کە دەیدەین لەتەك چینێکی ڕۆشنبیرو بینەرێکی فراوان.

صلاح القصب: کێشەکە کێشەی مرۆڤی وەرگر نیە، کێشەی شانۆ ئەو کاتانەی دەبێ بە بڕیارگەلێکی جوانکاری، کاتێ شانۆ دەچێتە ناو پێشوازیەکی زۆر فراوان، کاتێ دەچێتە ناو فردۆسەکانی جوانکاری، کاتێ دەچێتە ناو فەلسەفە، ئەو دەمەی شانۆ بۆ جوانکاری و هونەریی بەرز ئەبێتەوە، لەبەر ئەوەی دەور ئەدرێ بەوەی هەیە، کاتێ ئیشی لاوازو باو هەبێ، ئیشی سوونەتی و ئیشی باو و ئیشی وەستاو وئیشی مردوو، ئەوەی یانی کە بینەر دوور دەکەوێتەوە، ڕەهەندی نێوانی خۆی داناوە لەگەڵ ئەم نمایشانە، کاتێ نمایشی سەرکەوتوو و



نمایشی مەزن هەبێت، ئەو ڕەهەندە لێکترازاوە وئاوێتـــەی وەرگـــرو نمـــایش ئـــەبێت لەکێشوەرێکدا.

بیـار أبـي صـعب: یەکـەم: شـێوەزار، ئێمـە لـە ئابلوقـەی شـێوەزار دەرنەچـووینە بـۆ کـردار، لەبـەر ئـەوەی شـانۆ لـەوەیتریان پەیوەنـدیی بـە جەستەیە،شـــانۆی جەســـتەیی لەبنەڕەتـــدا هونـەری هـەموو شـانۆیەکە جلـەوی کۆمەڵـە قەدەغەکراوێکە کە پەیوەندیمانە بە جەستەوە، دواتـر پەیوەنـدیی بـە دیموکراتیـەوە، لەبـەر ئـەوەی شـانۆ جیاوازیـە، پێویسـتە هـەموو نموونەکان ئامادەبن و لەسەر شانۆ بیانبینین و ململانـێ بکـەن، چونکە ئێمـە یـەك نموونـەمان هەیە ئەوە بەسەرماندا سەپاوە.

عبد الحق الزروالي: شانۆی عەرەبی وا دەمێنێتەوە دەتوانین بیشوبهێنین بەو شێوازە کاریکاتێریە بیشوبهێنین، مناڵێك حەز ئەکاو کەچی لەڕیشی خۆی ئەکەوێت.

# شانۆگەری ڕەش و سپی

نوسینی : هارۆڵد پینتەر

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە : عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)

پیرێـژنی یەکـەم لەسـەر مێزێکـی بـاڕی ڕێسـتۆرانتەکە دادەنیشێت. بچکۆلانەیە. پیرێژنی دووەم نزیك دەبێتـەوە. بالا بەرزە. دوو قاپ شۆربای بەدەستەوەیە کە سەری هەر یەکەشیانی بە قاپێك داپۆشیوە و هەر قاپێکیش لەتە نـانێکی لەسـەرە.قاپـەکان لەسـەرەخۆ لەسـەر مێزەکـە دادەنێت.

پیرێــژنی دووەم : ئــەو پیــاوە دەبــینی هـــات و لای کەوەنتەرەکـەوە کەوتـە قسـەکردن لەگەڵمـدا.(قـاپی سـەر شۆرباکان لا دەبات و دوو کەوچك لەگیرفانی دەردەهێنێ و دەیخاتە نێو قاپەکانەوە.)

پیرێژنی یەکەم : ئێ باشە نانیشت هێناوە؟

پیرێژنی دووەم : نەمدەزانی چۆنیان هەڵبگرم،تا قاپەکانم سەربەرەوخوار خستنە سەر شۆرباکان.

پیرێژنی یەکەم : لەگەڵ شۆرباکەم حەزم لە تۆزێك نانە.

( دەست دەکەن بە شۆربا خواردن. وچانێك.)

پیرێـژنی دووەم : ئـەوەت بـینی کـە هـات بـۆ لام و لای کەوەنتەرەکە کەوتە قسەکردن لەگەڵما.

پیرێژنی یەکەم : کێ؟

پیرێژنی دووەم : هاتە لام گوتی سلاو.ئینجا گوتی لای تۆ سەعات چەندە؟ چەند چاو قایم بوو.من لەوێ وەستابووم شۆرباکەت وەربگرم.

پیرێژنی یەکەم : ئەوە شۆربای تەماتەیە.

پیرێژنی دووەم : پرسی لای تۆ سەعات چەندە؟

پیرێژنی یەکەم : دڵنیام وەڵامت داوەتەوە.

پیرێــژنی دووەم : پێمگــوت گــوێبگرە.هــەر بــۆ خــۆت بڵێ.گوتم بۆچی ناگەڕێیتەوە بۆ کەلاوەکەت و لەسەر دەق و مۆری خۆت دابنیشی پێش ئەوەی تەلەفۆنی پۆلیس بکەم.(وچانێك.)

پیرێژنی یەکەم : زۆرم پێناچێت بێم بۆ ئێرە.

پیرێژنی دووەم : بە پاسی ئۆڵ-نایت نەهاتیت بۆ ئێرە؟

پیرێـژنی یەکـەم : یەکسـەر بە پاسـی ئـۆل-نایت هـاتم بـۆ ئێرە.

پیرێژنی دووەم : لە کوێوە؟

پیرێژنی یەکەم : لە ماربڵ ئارکەوە.

پیرێژنی دووەم : کامەیان؟

پیرێـژنی یەکـەم : بـە پاسـی دووسـەد و نـەوەد و چوار کە ڕاستەوڕاست دەمبات بۆ شەقامی فلییت.

پیرێــژنی دووەم : پاســی دووســەد و نــەوەد و ئــەکیش دەڕوات بـۆ ئـەوێ.(وچـانێك.) کـە هاتمـە ژوورەوە بینیـتم لەگــەڵ دوو غەریبــەدا قســەت دەکــرد. تــۆ دەبــێ واز لەقسەکردن بێنی لەگەڵ خەڵکیدا.کۆنە پەتووێکی وەکو تۆ دەزانێ قسە لەگەڵ کێدا دەکات.

پیرێــژنی یەکــەم : لەگــەڵ هــیچ غەریبەیــەك قســەم نــەکردووە.(وچــانێك. پیرێــژنی یەکــەم لەپەنجەرەکــەوە سەرنجی خەتی پاسەکە دەدات.) ئەوە ئۆڵ-نایتێکی ترە بــەرەو خــوارەوە ڕۆیشــت.(وچــانێك.) دەچــێتە ســەر شەقامێکی تر،شەقامی فولهام.(وچانێك.) پاسـی دووسـەد و نـەوەد و حـەوت بـوو.(وچـانێك.) مـن قـەت بـەو خەتـەدا نەڕۆیشـتووم.(وچـانێك.) هـەر بـەرەو خـوار بـۆ شـەقامی لیڤەرپول چوومە.

پیرێژنی دووەم : ئەوە خەتێکی ترە.

پیرێژنی یەکەم : پێم خۆش نییە بڕۆمە شەقامی فولهام و ئەو شوێنانە.

پیرێژنی دووەم : ئە..ها.



**پیرێژنی یەکەم : من قەد حەزم بەو ئاراستەیە نەبووە.(وچانێك.)**

**پیرێژنی دووەم : نانەکەت چۆنە؟(وچانێك.)**

**پیرێژنی یەکەم : ها؟**

**پیرێژنی دووەم : نانەکەت ئەڵێم؟**

**پیرێژنی یەکەم : خراپ نییە.ئەی ئەوەی تۆ؟(وچانێك.)**

**پیرێژنی دووەم : پارەی نانەکەت لێناسەنن گەر شۆربا بکڕیت.**

**پیرێژنی یەکەم : بەڵام گەر چا بکڕیت لێتدەستێنن.**

**پیرێژنی دووەم : ئەگەر چا بکڕیت پارەی نانەکەت لێدەستێنن.(وچانێك.)تۆ قسە لەگەڵ غەریبە دەکەیت و ئەوانیش دەتبەن.ئەم قسەیەت لەبیر بێت.پۆلیس دەتبات.**

پیرێژنی یەکەم : لەگەڵ غەریبە قسە ناکەم.

پیرێژنی دووەم : جارێکیان منیان بە ئۆتۆمبێلێکی واگۆن برد.

پیرێژنی یەکەم : خۆ گلیان نەدایتەوە.

پیرێژنی دووەم : گلیان نەدامەوە.بەلاّم تەنها لەبەر ئەوەی پێیان خۆش بوو بمخەنە نێو واگنەکەوە و پیاسەیەکم پێبکەن.

پیرێژنی یەکەم : لەوبڕوایەدای حەز بکەن من ببەن؟

پیرێژنی دووەم : نازانم.

( پیرێژنی یەکەم لەپەنجەرەکەوە سەیری دەڕوانێتە دەرێ.)

پیرێژنی یەکەم : دەتوانی بزانی کەچی لەسەر ئەو مێزەی لای سەرەوە ڕوو دەدات.(وچانێك.) بەهەرحاڵ باشترە لەوەی بچیتە خوارێ بۆ ئەو شوێنەی لای بەربەستەکە.

پیرێژنی دووەم : بەڵێ، زۆر دەنگە دەنگی لێ نییە.

پیرێژنی یەکەم : هەمیشە تۆزێك دەنگە دەنگی لێیە.

پیرێژنی دووەم : بای دێ لەدەرەوە.(وچانێك.)

پیرێژنی یەکەم : لام ئاساییە بمێنمەوە.

پیرێژنی دووەم : بەلاّم لێت ناگەڕێن.

پیرێژنی یەکەم : ئەزانم.(وچانێك.) سەعات و نیوێکی تر دایدەخەن،وا نییە؟(وچانێك.)زۆر نییە.(وچانێك.) ئەتوانی بڕۆیت و دوایی بگەڕێیتەوە.

پیرێژنی دووەم : من ئەڕۆم.بەس ناگەڕێمەوە.


پیرێژنی یەکەم : کە دونیا ڕوناك بۆوە دێمەوە.چاکەم بخۆرەوە.

پیرێژنی دووەم : من ئەڕۆم.ئەڕۆم بەرەو لای سەرەوە بۆ گاردن.

پیرێژنی یەکەم : من ناچمە ئەو خوارەوە.(وچانێك.)ئەڕۆم بۆ سەرەوە بۆ پردی واتەرلوو.

پیرێژنی دووەم : هەر ئێستا دوا پاسی دووسەد و نەوەد و شەش دەبینی بەسەر ڕووبارەکەوە دێت بەرەو ئێرە.

پیرێژنی یەکەم : منیش هەر تەماشا دەکەم ئێستا وەختییەتی.لەوەیە بچمە دەرێ.(وچانێك.) ئەم پاسە لە پاسی ئۆل-نایت ناچێت کەلەڕۆژدا دەیبینین.وا نییە؟



سەرچاوە :

The Norton Introduction to Literature
Carl E. Bain
Jerome Beaty
L. Paul Hunter
Shorter sixth edition
United States of America 1995
Pages 868-869

# مەلەڤێکی تیۆریی بۆ یۆژینیۆ باربا



# یۆژینیۆ باربا و شانۆی ئودین

**ئامادەکردنی: بورهان قەرەداغی**

**چیرۆکی شانۆی ئودین :**

یۆژینیۆباربـــــای دەرهێنــــەرو تیۆریســـــتی شـــــانۆو دامەزرێنـەری شانۆیی ئـودین لـەساڵی ١٩٣٦ لەباشـوری ئیتاڵیـا لــە ســالینتۆ لــەدایك بـووە ،باربـا کابرایەکـی ئەسمـــەرەو تـــابڵێی چـالاکە قــژی لولــە و هەمیشــە زەردەخەنـە لەســەر لێوەکـانێتی ، پێڵوەکـانی قـورس و غەمگــینن. دوای ئــەوەی خوێندنـــی ئامادەیـــی تــەواو دەکات ڕوو دەکاتـە وڵاتـی سوید ،پاشـان دەچێت بـەرەو وڵاتـــی نـــەرویج و لـــەویٚ بـــۆ مـــاوەی ســـاڵێك وەك گۆشـتفرۆش و مـەیگێڕ کـار دەکـات، پاشـان بەکەشـتی ڕوودەکاتە ڕۆژهەڵاتی دوور ،لەماوەی ئەو گەشتەدا کاری دەریــاوانی دەکــات و زۆر وڵاتــی ڕۆژهــەڵات دەگــەڕیٚ ، لەئـەنجامی ئەمـەش زۆر لـەژیانی کۆمەڵایـەتی و نمایشـی شانۆیی جۆراوجۆر و سرودی ئاینی دەبینیٚ و دەناسیٚ.
پـاش ئەمانـە دەگەڕێتـەوە بـۆ وڵاتـی نـەرویج و دەسـت دەکات بەخوێندن لەزانکۆی (ئۆسلو) دەربارەی ئەدەبی فەرەنســی و نەرویجــی ، تێــزی خوێندنەکەشــی بریتـــی دەبێت لە مێژووی ئاینەکان.
باربـا لەکاتــی خوێندنــی لـە زانکـۆی ئۆسـلودا گــرنگی دەدات بەهونــەری شــانۆو دەســت دەکــات بەســەردانی شــانۆکانی نــەرویج ، بــەڵام هــیچ لــەو نمایشــانە نابنــە جێگــەی سەرنجــی ، وەکـو باربـا خـۆی دەڵێـت ((هــەموو کــات بــیرم لەچـــۆنێتی دەرهـــێنانی ئــەو شانۆگــەریانە دەکــردەوە بەشێوازێکــی جــوان) ). ئیــدی لێــرەوە ئــەو بیرۆکەیەی بەخەیاڵدا داهات کار لەشانۆدا بکات و بچێتە سەر ڕێگـەی شانۆ ، بـۆیە داوای خـوێندنی شانۆیـی کرد لــە پۆلۆنیــای ئیشــتراکی، یونسکــۆش ئــەو هەلــەی پــیٚ بەخشـی و لەسـاڵە ١٩٦٠ ڕووی کـردە شـاری (وارشـۆ) بۆ خوێندن ، لەساڵی یەکەمدا زمانی پۆلۆنی دەخوێنیٚ و پاشــان دەســت دەکــات بــەهاتو چــۆو سەردانـــی ئــەو شانۆیانەی کە بەسەر شارەکانی پۆلۆنیادا دابەش بوون.
باربــا لەدیدارێکــدا ئــەوەمان یــاد دێنێتــەوەو دەڵێــت : (جارێـك لـە جارەکـان لەشـاری کراکۆفیـا بـووم کچێك باسـی شـانۆیەکی بچـووکی لەشـاری ئـەپۆلۆ بـۆ کـردم ،لــەویٚ نمایشـێکی ئەوتیپـەم بینـی کــەناویان لــەخۆیان نـــابوو (شـــانۆیی ڕەگـــەکان) کــە جــیرزی گرۆتۆفســکی ســەرۆکایەتی دەکــرد هــیچ شــتێکی دیــاریکراوی ئــەو نمایشە نەیهروژانم ، بەکارێکی پەشۆکاو هاتە بەرچاوم ، تەنانــەت بــیرو بۆچــونی دەرهێنــەرێکی پەشۆکاویشــم دەبینـــی ، بــەڵام ئــەوەی سەرنجــی ڕاکــێشام کەســێتی گرۆتۆفسکی خـۆی بـوو، بۆیە گەڕامـەوە بـۆلای بۆئـەوەی ببینــنم ، کاریگــەری گرۆتۆفســکی لەســەر مــن ڕەنگــە بگەڕێتەوە بۆ ئەو لێکچونەی کـەلەنێوانماندا دۆزیمـەوە ، لەوانەیـە سـۆز بێـت بـۆ ئـەو گـەشتانەی کـەبۆ ڕۆژهـەڵات کردم ، یەکەمین دیدارو یەکـەمین پەیوەندی لەنێوانماندا بریتـی بوو لە پەیوەندی مرۆیـی.
هـــەر لەســـەرەتاوە لـــەویٚ جۆرێــك لــە دوورکەوتنــەوە لەنێوانمانـدا هـەبوو سـەبارەت بەتێڕوانینـی شانۆیــی ، ئینجا لەگەڵی دووام سەبارەت بەباوەڕ نەبونم بەخوێندنی شـانۆ لـە وارشـۆ ، وام هەسـت دەکـرد شـتێکم کەمـە ، گرۆتۆفســکی پێشــنیاری ئــەوەی بــۆ کــردم کــەببم بــە یاریدەدەری.
بەو شێوەیە لـەساڵی ١٩٦١ وە تا ساڵی ١٩٦٤ لەلای مامـەوە. لـەو ماوەیـەدا هـیچ شتێکـم نەکـرد تـەنها ئـەوە نـــەبێت کەلەســـەر کورســـی دادەنیشـــتم و تێبینـــی و سـەرنجەکانی خـۆمم تۆمـار دەکـرد ، ئینجـا قسـەم لەگـەڵ دەکرد و گـویٚم لیٚ دەگـرت ، سروشـتییە کـە مـن پێمخـۆش



بێ لە ڕێگەکەی گرۆتۆفسکی تێبگەم و بەشێوەیەکی هۆشیارانە بەدەستی بهێنم ، هەروەها داڕشتە ئەفسونییەکانی بەدەستبهێنم کەبوارم بدات دەستبگرم بەسەر (ڕێگە) و وەئەفراندنی ئەو پێوەرانەی کە شتەکانی بەڕاست و دروستی پێ پێوانە بکەم).

باربا لەماوەی ئەو سێ ساڵەی کەلەلای گرۆتۆفسکی بوو سەرگەرمی لێکۆڵینەوەو فێربوون بوو چونکە دەیتوانی ڕاهێنان و مەشق و کارەکانی ببینێ و وەك یاریدەدەرێکیش تێبینیەکانی خۆی تۆمار بکات ، باربا پاش ئەو سێ ساڵە گەشتی کرد بەرەو وڵاتی (هند) پاشان گەڕایەوە بەرەو وڵاتی نەرویج.

لەڕاستیدا بەڕون و ئاشکرا باربا لەژێر کاریگەری گرۆتۆفسکی مامۆستایدابوو ،هەرچەندە تا ئێستاش هەر خۆی بەخوێنکاری ئەو دەزانێت ، گەرچی ڕێگەیەکی دیارو تایبەتی لە کارکردنە یەك لەدوایەکەکانیدا بۆخۆی داهێنا.

وەك خۆی لە لێدوانێکیدا دەڵێت : ((دوای گەشتەکەم بۆ هند ، لەزۆر دەرگای شانۆم دا کەس وەری نەگرتم. کاتێکیش گەڕام بەدوای بینینی ئەو لاوانەی کە گرنگییان دەدا بەنواندن و ئامانجیان دامەزراندنی شانۆیەکی نوێ بوو ، کەسیان گرنگیان نەدا بە پرۆژەکەم. ڕۆیشتم بۆلای زۆر تیپی شانۆیی ، بەڵام کەس ئارەزووی ئەوەی نەدەکرد واز لە چالاکییەکانی بێنێت. کەسیان ئامادەی ئەوەیان تیانەبوو گەشە بەکارەکەی بدات. هیچم بۆ نەمایەوە جگە لەگەڕان بەدوای ئەو کەسانەی لەبارو زروفێکی هاوشێوەو نزیك لەبارو زروفی من دەژیان ، ئەوانەی کەلەپێشبڕکێی چونەناو (کۆنسرڤاتوار) ی ئۆسلۆ دەرنەچووبوون و وەرنەگیرابوون. بۆیە داوام لە خوێندنگەی شانۆ کرد کە لیستی خوێندکارە وەرنەگیراوەکانم بداتێ کەلەتاقیکردنەوەی وەرگرتندا

دەرنەچووبوون ، پەیوەندیم پێوەکردن .
هەروەها لەبارەی گرۆتۆفسکییەوە بۆیان دوام و نیەتی خۆمم پێ ڕاگەیاندن لەدروستکردنی شانۆیەکی بچکۆلە. یانزە کەس بڕیاری کارکردنیان لەگەڵ دام ، لەدوای دووهەفتە پێنج کەسیان مایەوە لەدوای هەشت مانگیش چوارکەسیان مایەوە کە دوو کوڕو دوو کچ بوون.
هەر لەسەرەتاوە کارەکە لەسەر میتۆدێکی تەواو دیاریکراو بنیاد نرابوو ، من دڵنیابووم لەوەی کەپێویستە هەڵبژاردن لەسەر بنەمای کەسێتی شایستەی وورەو سووربوون بێت. نەك لەسەر بنەمای بەهرەو توانای دەربڕینی ڕووکەشانە. کارەکە لەسەرەتاوە ماندووکەرو قورس بوو ، کۆمەڵێك ڕاهێنان کەنزیك بوو لەڕاهێنانی وەرزشی و بەشێوەیەکی تەواو پیادە دەکرا ، بوار نەبوو کەس پرسیار بکات وبدوێ ،کارمان دەکرد بەبێ وەستان بۆ ماوەی چوار سەعات لەرۆژێکدا،لەوانەیە زۆرێك لەوانەی کەوازیان لەکارەکە هێنا و بەجێیان هێشت ، دەشێت نەیانتوانیبێت درك بە پەیوەندی نێوان ئەو وێنانەی کەسەبارەت بەشانۆو ئەو جۆرە ڕاهێنانە قورسانە بکەن کەلە مێشکیاندا هەڵیان گرتبوو.
ئەوەی کەپێشتر لەگەڵم مایەوە بەگشتی یاسا ڕەهاکان بوو کەجۆرێك لەمانایان پێدا بەبێ پشتبەستن بەهەر پاساو (تبریر) ێك کەلەلایەن کەسانی ترەوە دەدرا لەدەرەوە ، لەسەرەتادا نەتوانای مادیمان هەبوو نەشوێنی مەشق کردن ،ئەو کاتە من هاتووچۆی (پەیمانگەی زمانە رۆژهەڵاتییەکان) م دەکرد بەمەبەستی ڕێکخستنی ئەو کەرەستانەی کەلەهندستان لەبارەی شانۆی (کاتاکالی) یەوە کۆم کردبۆوە. هاوڕێیەکم هەبوو کەیاریدەدەری مامۆستا بوو لەکۆلێژ ، یارمەتیدام لەپەیداکردنی هۆڵێك لەیەکێك لە خوێندنگە کۆنەکان کەبەکار دەهات بۆ خولە شەوانەییەکانی زانکۆ ، تائێمەش مەشق و ڕاهێنانی لێبکەین.
لەسەرەتاوە لەو هۆڵەدا لەکاتژمێر (٦) وە تاوەکو (١٠) ی شەو کارمان دەکرد ، بەیانیانیش کارمان دەکرد بۆ بژێوی ژیانمان ، دوای سێ مانگ بەشێوەیەکی پێشنیار کۆبووینەوە ، لەو کۆبوونەوەیەدا هەستاین بەخۆیان کرد کەوەك گروپێکن.
بۆیە ئیتر بڕیارماندا کەبەتەواوی خۆمان تەرخان بکەین ، شوێنێکی بە ڕوبەر گەورەترمان بەکرێ گرت و دەستمان کرد بەکارکردن لەبەیانیەوە تاکە ئێوارە بۆ ئەنجامدانی یەکەمین نمایشی شانۆیی ، ئەوکاتە نەمان دەتوانی پێناسەی خۆمان بکەین ، یاخود خۆمان دیاریبکەین لەشانۆدا ، چونکە ئێمە کۆمەڵێکی بچوك بووین لەخەڵك ، هەموو هەفتەیەك هەڵدەستاین بەپاشەکەوتکردنی کەمێك پارە بۆ خەرجی چالاکییەك نهێنییەکانمان وەك بۆ ئارەزوو مەندانی شانۆ ) .
باربا شۆڕشگێڕێکی یاخی بوو لەبەرامبەر ئەو بۆچوونە باوو چەقبەستووانەدا ، ئەمەش بێ بەکارهێنانی بیرۆکەی پارە تێیدا ، چونکە باربا بڕوای وابوو کەهێزی زیندوی ڕاستەقینە لە (ڕەگەزی مرۆڤ) خۆیدایە. هەربۆیە توانا و کارەکانی چڕکردەوە لەسەر ئەو لاوانەی کەلە (ئۆدین) دابوون. باربا دەیویست خۆی بەتەواوی لەئیستیغلالی پیشەسازی و پارە کۆکردنەوە بەهونەر بەدور بگرێت.
هەربۆیە ئەندامانی شانۆی ئۆدین هەریەك لەخۆیان بەپارەیەکی کەم بەشداریان دەکرد بۆئەوەی شانۆکەیان بەبێ یارمەتی کەسی تر بەردەوام بێت لە ژیان و مانەوە ، بۆیە دەبوو هەموو یەکێك لەشانۆی ئۆدین بڕێك پارە لەموو هەفتەیەکدا پێشکەش بکات بۆ پڕکردنەوەی خەرجیە جیاوازەکانی کارەکە، یان بۆ کڕینی هەندێ پێداویستی.
بۆیە یۆژینۆ باربا سەبارەت بەمە دەیگوت :-
(ئەکتەر لەشانۆکانی تردا کرێیەك وەربگرێت ، کە دوو ئەوەندەی یاخود سێ ئەوەندەی کرێیەکی ئاسایی بێت تا ڕازی بێت بەئەنجامدانی نواندنەکەی .. بەڵام ئەکتەرێکی ئەفرێنەر ئەگەر هاتوو لەگیرفانی خۆی پارە بدات ، ئەوا قوربانی بەخۆی دەدات لەپێناو ئەوەی ببێت بەئەکتەر لەو شانۆیەدا)
ئیدی باربا لەماوەی ساڵی یەکەمدا بەتەواوی تواناکانی

خستەگەڕ و کۆیکردەوە بۆ دەرکردنی گۆڤارەکەی و ئامادەکردنی تیپەکەی. تیپەکە دەستی بەکارکرد لەگۆڕەپانێکی ناوخۆی یەکێك لە خوێندگەکاندا وەکو باربا لە پێشەوە لێی دوا ، ئالەوێوە سەرەتای کارکردنی شانۆیی یەکەمیان دەستی پێکرد کەتێکستی نوسەری نەرویژی (جانس بیورنبۆ) بوو. لەدوای تێپەڕبوونی شەش مانگ تیپەکە خۆی ئامادەکرد و هەستا بەڕێکخستنی چەند گەشتێك بەوڵاتانی ئەسکەندناڤیادا ، بەڵام ڕوبەڕوی زروفێکی ئابووری سەخت بوونەوە توشی کارەساتێکی ئابووری ترسناك بوون ، دەستکەوتی ئابووریان بەتەنها

بریتی بوو لەپارەی بلیتی چونەژوورەوە بۆ نمایشەکان کەبینەران خۆیان وەك ڕێزلێنان بۆیان دادەنان ، یاخود پارەی نواندنی ئەو شانۆگەرییانەی کەبەقوتابخانە و ڕێکخراوە پیشەییەکان دەفرۆشران کەبڕی پارەکەی لە (٧٠ فرەنك) تێنەدەپەڕی،لەیەکێك لە گەشتەکانیاندا بۆ وڵاتی دانیمارك ، گرنگی دانی ڕۆژنامەکان بۆ ئەم شانۆیە دەستی پێکرد ، ئەمەش بووە فاکتەرێك کەتیپەکە پەیوەندی بکەن بەئەنجومەنی شارەوانی (هۆلستیرۆ) وە ، چونکە ئەم شارە کە شارێکی بچوکی دانیمارکە زۆر گرنگی بەڕۆشنبیری ئەدات ، ئەوەبوو لێپرسراوی شاری (هۆلستیرۆ) بانگهێشی باربا و تیپەکەی کرد، بۆئەوەی لەوێ سەنتەرێکی لێکۆڵینەوەی شانۆیی وەك ئەزمونگە شانۆییەکەی گرۆتۆفسکی پۆلەندا دابمەزرێنێت .

هەربۆیە ئەم وڵامە پۆزەتیفە وای لەباربا و شانۆی ئۆدین کرد لەساڵی ١٩٦٥ بگوێزنەوە بۆ دانیمارك. ئیدی شانۆی ئۆدین وەرچەرخا بۆ (تاقیگەیەکی شانۆیی)

لەئەسکەندناڤیادا،ئەمەش لەپێناوی هونەری نواندن و سەربەستی لەگەڕان و توێژینەوە و ڕێکخستنی کاردا بوو ،هەرچەندە ئەو یارمەتیەی کەلەلایەن شارەوانی (هۆلستیرۆ) وە پێشکەش بە ئۆدین دەکرا ، ئەوەی بەسەردا دەسەپاندن کەچەند چالاکیەکی شانۆیی بنوێنن لەبەرامبەر پیادەکردنی ئەمەشدا یارمەتیەکی ساڵانەی بەبڕی (٥٠٠٠٠) هەزار فرەنگ پێدەبەخشرا.

ئەم یارمەتیە بواری دەرەخساند کە گەشە بەچالاکیە پێویستەکان بدەن ، هەروەها بواری دەرەخساند بۆ میوانداریکردنی هەندێ کەس بۆ بەشداریکردنی لە کۆڕ و کۆنگرە و work shop و خولدا کە ئۆدین ڕێکی دەخست و سازی دەدا. جێگای باسە ئەو یارمەتیەی کەبەبڕی (٥٠٠٠٠) هەزار فرەنك بوو بەشی هەرە گەورەو گرنگی خەزێنەی ئابوری شانۆی ئۆدین بوو ، بەڵام بەشەکەی تری دەوەستایە سەر یارمەتی و بەخشینی (وەزارەتی ڕۆشنبیری دانیمارك) و (سندوقی ڕۆشنبیری باکور) ئەم بڕە پارانە بەشی گەشتەکانی تیپ و چالاکیە گشتیەکانی نەدەکرد ، بۆیە هەمیشە لەحاڵەتی کەم تواناییدا بوو ، لەبەرئەوە ناچار بوو چالاکیە لابەلاو لاوەکیەکان زیاد بکات ، هەروەك زیادکردنی ژمارەی کۆڕەکان و دامەزراندنی پەیمانگایەك بۆ هونەری شانۆیی .... هتد.

چونکە لەبەرامبەر ئەو کۆڕانەو ئەو پەیمانگایەدا پارەی وەردەگرت بۆ دانەوەی ئەو قەرزانەی کەپێشتر لەسەری کەڵەکە ببوون ، ئەمەش مانای ئەوەیە شانۆی ئۆدین تەنها بەهۆی فراوان بوون و بەردەوام بوونی چالاکیەکانیەوە دەیتوانی بمێنێتەوە و بەردەوام بێت ئەمەش وای پێویست دەکرد کە هەر ئەندامێك لە ئەندامانی ئۆدین توانایەکی زیاتر بخاتە گەڕ و ماندوبوونێکی نوێتر بگرێتە ئەستۆ.

ئەمەیە ئۆدین تیاتر ، هەرچەندە یارمەتی دارایی لە حکومەت و شوێنانی تر وەردەگرێت ، بەڵام بەشانۆیەکی تایبەت لەقەڵەم دەدرێت (واتا کەرتی تایبەت) چونکە سیستمی سەرەکی ئۆدین بریتیە لە سیستمی کۆمپانیایەك کە بەشەکانی دابەش دەبێت لە نێوان دامەزرێنەرو چوار کەسی تردا.

ئەم شێوازی بەڕێوەبردنە باری ئابوری سەپاندویەتی بەسەریاندا. دیارە لەسەر ئاستی بەڕێوەبردنیش ئەکتەرەکان بەشداری ڕاستەوخۆ دەکەن لە بڕیار وەرگرتن و بڕیار لەسەردانددا.

ئەوەی جێگەی باسە شانۆی ئۆدین توانی کۆمەڵێك



چالاكی دابهێنێ كه پێشتر لەسەرانسەری ئەسكندناڤیادا بوونی نەبوو ، چونكە چالاكیەكانی ئەوان گۆڕانی لەبوونیاد و چالاكیە نوێكانی ئەو سەردەمەدا كرد. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ خودی یۆژینۆ باربا ، چونكە زۆر بەخێرایی سیستمە ڕێكخراوو توندو تۆڵەكەی بۆ پەروەردەكردنی ئەندامەكانی جێبەجێكرد ، خودی ئەمە بووە فاكتەرێك كەسەربكەون بەسەر هەموو كۆسپە ناوەكی و دەرەكیەكاندا. ئیدی لێرەوە ئۆدین تیاتر توانی خانەیەكی چاپ و بڵاوكردنەوەی تایبەت دابنێ ، كەگۆڤارەكەیانی لێوە دەربكەن. گۆڤارەكەش (تێوەرەكان و تەكنیكەكانی شانۆیی) بوو. كەتێیدا ڕاڤەكردن و لێكۆڵینەوەی بۆ هەموو ئەو بوارانەی پەیوەندی داربوو بە شانۆو لایەنە هونەریەكانیەوە بڵاو دەكردەوە وەك :- هونەری پەروەردەی پیادەكاری ئەكتەر ، زانیاری دەربارەی تەكنیكەكان ، ئاڕاستەكردن لە ڕوانگەی ئیستاتێكی و تەكنیكەوە لەچوارچێوەی بەڕێوەبەرێتی دەكات و

کاری دەرهێناندا ، وەك : هونەری نواندن ، بواری شانۆیی ، ئەندازیاری شانۆیی .... هتد.
سەرباری هەموو ئەمانە هەڵدەستان بەکردنەوەی خول و work shop و گرتنی کۆڕ بۆ پیشەمەندانی شانۆیی ئەسکەندناڤی بۆ ئەوەی ئاگاداری ڕوگە تازەکانی شانۆی بیانی بن ، بۆ نمونە لەمانگی تەموزی هەموو ساڵێکدا کۆڕ و کۆبونەوەی تایبەت دەبەسترا سەبارەت بەڕاهێنانی ئەکتەر ، کە خودی یۆژینۆ باربا و گرۆتۆفسکی و سیزلاك و برزوسکی دەیانبردبەڕێوە. لەو زنجیرە کۆڕ و کۆبونەوەو (work shop) ئەندا ئەکتەرە ئەسکەندناڤیەکان دەچون بۆ ڕاهێنان و مەشق و خۆپەروەردەکردن لەسەر دەستی ئەو ڕابەرانەدا ، کە بۆ ماوەی (١٥) ڕۆژ ڕێك دەخرا بۆ ناسینی شێواز و میتۆدی هەریەکێکیان ، ئابەم شێوەیە شانۆی ئۆدین پەیوەندی لەگەڵ پسپۆری ڕوگە جیاوازەکانی شانۆ و ئەندازیان و زانایانی کۆمەڵناسی و نووسەرە ئەسکەندناڤیەکاندا دەکرد.
بۆ نمونە شانۆی ئۆدین هەستا بە ڕێکخستنی کۆبونەوەیەك بەهاوکاری زانکۆی (کۆبن هاگن) کەتیایدا چەند پرسیارێکیان بەسەر هەزار کەس لەدانیشتوانی (هۆڵستیبرۆ) دا دابەش کرد .

**پاشکۆی چالاکییەکانی شانۆی ئۆدین :**

ئەم خشتەیە ئاماژەیە بەشوێن و کاتی کردنەوەی خولەکانی قوتابخانەی جیهانی بۆ شانۆی ئەنسرۆپۆلۆژی (I.S.T.A.). ئەم قوتابخانەیە باربا لەساڵی ١٩٧٩ دایمەزراند و یەکەمین جاریش پرۆژەکەی لەوانەیەکدا لەساڵی ١٩٨٠ پێشکەشکرد و خستە ڕوو .هەر لەو وانەیەدا ئاماژەی بەسیما بنچینەییەکانیدا کەپشتی پێبەستبوو بۆ لێکۆڵینەوەکەی دەربارەی بابەتەکانی شانۆی ئەنسرۆپۆلۆژی .
شانۆی ئەنسرۆپۆلۆژی بەپلەی یەکەم گرنگی دەدات بە (توێژینەوەی هەڵسوکەوتی مرۆڤ لە دۆخی شانۆییدا) ، لەمەوە هەوڵ دەدات ئاسۆیەکی نوێ بکاتەوە بۆ بەیەکگەیشتنی فرە کلتوری لەڕێگای بەکارهێنانی مەعارفی ڕۆشنبیری شانۆییەوە. ئەو قوتابخانەیە باربا لیژنەی نەگۆڕی هەیە کەپێکهاتووە لە پسپۆڕەکان ، کەلەبواری چالاکییە پراکتیکی و تیۆرییەکاندا هەڵدەسن بەئامادەکردن و جێبەجێکردنی پرۆگرامی جۆراوجۆر و بەردەوام گۆڕاو بۆ قوتابخانەکە ، لەهەموو خولەکانیشدا پسپۆڕەکانی کلتورە جیاوازەکان بەشداری دەکەن وەك لە هند ، یابان ، بالی ، وڵاتانی ئەورووپاو ئەمریکا. ئەوانیش ئەکتەرەکان و دەرهێنەرەکان و توێژەرانی زانستی ئەنسرۆپۆلۆژیا و سۆسۆلۆژیا و سایکۆلۆژیا و سیمۆلۆژیا و تیۆرستانی شانۆ و مێژوونوسان و کۆمەڵێك لە ڕەخنەگرانن کە بەشدارییەکی کارا لە چالاکیەکانی هەموو خولێکدا دەکەن.

**ورك شۆپەکانی شانۆی ئۆدین :**

ئەمەی خوارەوەش خشتەی جێگەو مێژووی سازدانی خولەکانە :
١٩٨٠ : کردنەوەی یەکەم خول بوو لەشاری بۆن کە تیاییدا بنەمای یەکەمی شانۆی ئەنسرۆپۆلۆژی تیاخرایە ڕوو. ئەو چالاکیەش لەسەر تاکە ئەکتەرێك ئەنجامدرا بە سەرۆکایەتی باربا و مامۆستایانی شانۆی سەما ئامێزی هندی و یابانی و بالی. هەروەها کەتیایدا گرفتە باڵاکانی ئیرتجال و دەرهێنانیان دەخستە ڕوو. لەم خولەدا (٤٧) پسپۆڕ لەبوارە جیاکانی دەرهێنان ونواندن و مۆزیك و سەما و سۆسۆلۆژیا و سایکۆلۆژیاو تیۆرستانی شانۆ و ڕەخنەگران تیا بەشدار بوون
١٩٨١ : خولی دووەم لەشاری (فول تیرا) ی ئیتالیا ڕێکخرا. کە (مەڵبەندی ئەزموونەکان و توێژینەوەی شانۆیی) کردنەوەو ڕێکخستنی کارەکانی خولەکەی گرتە ئەستۆ لە بونتادیرا.
ئەمەش مەڵبەندێکە خاوەن گرنگیەکی گەورەیە لەشانۆی ئیتاڵیدا کە دەرهێنەر (ڕۆبرتۆ باکی)
بەڕێوەیدەبات. ئەم مەڵبەندە لەساڵی ١٩٨٦ وە هەستاوە بەیارمەتیدان و دامەزراند نی
(مەڵبەندی گرۆتۆفسکی بۆ کارکردن) کە هەتا ئێستاش بەردەوامن لەکارەکەیان لەنزیك شاری
پێی هەموو ڕێسا هونەرییەکانی – بینراو ، گۆرانی سەما




بونتادیرا.

١٩٨٥ : خولی سێهەم لەشاری (پۆڵنیر) ی فەرەنسا کرایەوە لە نێوان ١٢ تا ٢٦ ی مانگی چواری ١٩٨٥.
توێژینەوەکانی ئەم دیدارە لە نێوان کلتورە جۆراوجۆرەکان و توێژینەوە دەربارەی کارەکانی ئەکتەر بوو ، لەگەڵ بەڵگەی پراکتیکیدا.

١٩٨٦ : خولی چوارەم کەلەشاری (هۆلستیرۆی ولاتی دانیمارك کرایەوە لە نێوان ١٩ تا ٢٢ ی مانگی نۆی ساڵی ١٩٨٦ دا بوو.

١٩٨٧ : خولەکە لە سالنتۆی خواروی ئیتالیا ڕێکخرا لە نێوان (١) تا ١٤ ی مانگی ٩ ی ١٩٨٧.
پرۆگرامی قوتابخانەکەش لە دوای ئەو جۆرە داخراویەی کە لە ڕابردو دا هەیانبوو پشتی بەنمایشکردنی شانۆیی و کۆڕو دیداری کراوە بەست بۆ جەماوەرێکی بەرفراوان. چەند نمایشێکیان لەشاری باری ولجی و گوندێکی



چۆڵکراو پێشکەشکرد ، لەو میتۆدانەی کە پرۆگرامی قوتابخانەکە بەکاریهێنا توێژینەوە بوو لە ناسنامەی وەرگرو لێدوان لەبابەتەکانی دەق و کردار لە شانۆو پشکنینی بینراو لە دەقی ئەدەبیدا. ئەم خولە زیاتر تەرکیزی کردە سەر چۆنیەتی وەزکان لای ئەکتەر (Anima-Animus ) و چۆنیەتی دارشتنەکەی و بەخشینی ناوەڕۆکەکەی کەبینەران پێیدەبەخشن.

١٩٩٠ : خولی ئەمجارەیان لە شاری پۆلۆنیای ئیتالیادا بوو لە مانگی شەشی ١٩٩٠. کە کۆلێژی

توێژینەوەکانی شانۆیی زانکۆی پۆلۆنیا بەشداری سازکردنی کرد. لەگەڵ لیژنەیەکی بەردەوام لە توێژەرو کارگەران لە شانۆی یابانی و هندی و بالی و ئیتالی و کۆمەڵەی ئۆدین .

توێژینەوەکان لەم خولەدا زیاتر تەرکیزیان لەسەر لایەنی بیۆلۆژی و پەروەردەیی (bios – ethos ) لای ئەکتەرو خونەریتی تەکنیکەکانی و تەکنیکەکانی نمایشی شانۆیی و مێژوەکەی (Storiografia) دەکردەوە. هەروەها لەم خولەدا توێژینەوەکان لە پشکنینی ڕێسا گشتیەکانەوە گۆڕا بۆ لایەنە تیۆری و پراکتیکیەکان لە شانۆدا. هەر لەمەشەوە شانۆی ئەوروپی ئاسیایی (Eurasiano) گەشەی کرد. پاشان پێشکەشکردنی نمایشەکان لەشار لەسەر شێوەی دیالۆگی شانۆیی کەهەموو کارگەرانی قوتابخانەکە لەگەڵ شانۆکارانی ئەو شارە دا پێکەوە بەشدارییان کرد.

١٩٩٢ : خولی حەوتەم لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ، کاردیف کرایەوە لە نێوان (٤) تا (١٢) ی مانگی چواری ١٩٩٢ دا. ئەم خولە لایەنی داخراوی تیادا بوو. (١٠٠) قوتابی بەشداری تیادا کرد و بەڵگەی پراکتیکییان تیا پێشکەشکرد بۆ کاری پیادە کاری ئەکتەر. ئەکتەرانی ئۆدین بەشداربوون لە پێشکەشکردنی نمایشی (سەدای بێدەنگی) کە کچە ئەکتەر (جولی فالیری) بەتەنها پێشکەشی کرد. پاشان نمایشی تیپێکی بەرازیلی و سەمای ئۆدیسی لە هند و نمایشێك بەبەشداری هەموو کارگەرانی قوتابخانەکە ئەنجامدرا بە

، کە تایبەتمەندی خۆیان هەبوو. باربا هەستا بەمۆنتاژکردنی و پێشکەشکردنی بۆ جەماوەر بەگشتی بەناوی (شانۆی جیهان Teatrum Mondum) .

١٩٩٤ : خولی هەشتەم لە (لوندریتای بەرازیل) کرایەوە لە ساڵی ١٩٩٤. توێژینەوەکانی ئەمجارەیان دەربارەی (خونەریت و داهێنانی خونەریت) بوو .

١٩٩٥ : خولی نۆهەم لە سوید کرایەوە لە نێوان (١٧) تا (٢١) ی مانگی پێنجی ساڵی ١٩٩٥.

توێژینەوەکانیان زیاتر رووی لە تێپەڕینی خونەریت و پەڕینەوە لە خونەریتە (Crossing )

جۆراوجۆرەکان و پێشکەشکردنی چەند نمایشێك بۆ بینەران بەگشتی بوو .

١٩٩٦ : خولی دەیەم لەشاری کۆبنهاگنی وڵاتی دانیمارك کرایەوە لەنێوان (٣) تا (١٢) ی مانگی پێنجی١٩٩٦. ئەو ساڵە شاری کۆبنهاگن بە پایتەختی ڕۆشنبیری لە ئەوروپادا هەڵبژێردرابوو . نمایشەکان لە مەڵبەندە جۆراوجۆرەکانی شارەکە پێشکەشدەکران لەنێو کۆڕو دیدارەکاندا

گرۆتۆفسکی و داریو فۆو کەسە بەناوبانگەکانی دنیای ڕۆشنبیری ئەوروپی و شوێنانی تر

ئامادەبوون لەوانەش ڕووناکبیر ئەدوارد سعید.

کۆڕو دیدارەکە زیاتر تەرکیزیان لەسەر بابەتی شانۆ لە (کۆمەڵگەی میلّتی کلتورییەکان) دەکرد. کە (کرستین هاستروب) ی مامۆستای ئەنسرۆپۆلۆژیا لە زانکۆی کۆبنهاگن بەڕێوەی دەبرد. بابەت و تەوەرە سەرەکیەکانی خولەکە بریتی بوو لە بابەتی بەیەکگەیشتنی سەماو شانۆ لەڕێگەی کۆمەڵێك لە بەڵگەوە. وەکو باربا خۆی لە پرۆگرامەکەدا جەختی لەسەر کردەوە : لێدوان و گفتوگۆ بوو دەربارەی سەمای ئاشکراو سەمای شاراوە ، هەروەها لێدوان بوو دەربارەی جیاوازیەکانی سەما و شانۆ .

قوتابخانەی ئەنسرۆپۆلۆژیا زیاتر توێژینەوەکانی لەسەر سەمای شاراوە و ڕەگە هاوبەشەکانی نێوان هەردوو جۆرەکەی سەما بوو. ئەوان پێیان وابوو شانۆ لە. کەلەساڵی ١٩٦٤ وە دروست بوون تاکو ساڵی ١٩٩٣.



شارستانیەتی ئەوروپیدا بەدەست دابەش بوونی سەماو شانۆ وە دەناڵێنێ. بۆیە تویژینەوەی ئەم جارەیاندا لێدوان و تویژینەوە بوو بەنسیبی سەمای ئاشکراو شاراوە بەو پێیەی یەکەمیان زیاتر ڕوکەشانەیەو وەك ئەوەی سەما نەکا ، بەڵام دووەمیان تەرکیز لەسەر دینامیکیەتی جوڵەی بێگەرد و خاڵی لەنواندن دەکات بەپێی وتەکەی باربا : هەموو نمایشێك لە ڕەگەکانییەوە بریتیە لە سەما ، سەماش بۆ مێشك و جەستە وزەیە.

**ناوی نمایشەکانی شانۆی ئۆدین :**

خشتەی ناونیشان و مێژووی ئەو نمایشە شانۆییانەی کەشانۆی ئۆدین بەرهەمی هێناوە و پێشکەشی کردوە ، کەلەدەرهێنانی باربابە لەگەڵ کۆمەڵە ئەکتەرەکەی

١- هاوڕێیانی باڵندە ، ساڵی ١٩٦٥.
٢- کاسبریانۆ ، ساڵی ١٩٦٧.
٣- قرای ، ساڵی ١٩٦٩.
٤- ماڵی باوکم ، ساڵی ١٩٧٢.
٥- کتێبی سەما ، ١٩٧٤.
٦- وەرەو بەیانی بۆ ئێمەیە ، ساڵی ١٩٧٦.
٧- من بەسیسم ، ساڵی ١٩٧٧.
٨- ملیون ، ساڵی ١٩٧٨.
٩- خۆڵەمێشی برێخت ، ساڵی ١٩٨٠.
١٠- زەماوەند لەگەڵ خواوەند ، ساڵی ١٩٨٤.
١١- حیکایەتی ئۆدیب ، ساڵی ١٩٨٤.
١٢- ئینجیل یان کسوهینکوس ، ساڵی ١٩٨٥ .

١٣- جوديت ، ساڵی ١٩٨٧.

١٤- تالابوت ، ساڵی ١٩٨٨.

١٥- یادەوەری ، ساڵی ١٩٩٠.

١٦- قەڵای هۆلستیرۆ ، ساڵی ١٩٩٠.

١٧- ئیتس بیتس ، ساڵی ١٩٩١.

١٨- کاوز موز ، ساڵی ١٩٩٢.

**بەرهەمە دیکۆمێنتاریەکان**

شانۆی ئۆدین سەرباری بەرهەمهێنانی نمایشە شانۆییەکانی هەستاوە بەبەرهەمهێنانی زۆرێك لەبەرهەمی ڤیدۆیی و فیلمی پەروەردەیی (تەکنیکی ئەکتەر) و هونەری ، کەلەکتێبخانەی بارەگاکەیان لەشاری هۆلستیرۆی دانیمارك پارێزراوە و دەکرێت بەمەبەستی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە بەدەست بهێنرێ .

١- کۆمەڵێك فیلم لەبارەی ڕاهێنانەکانی ئەکتەر لەتاقیگەی گرۆتۆفسکی و مەشقەکانی ئەکتەر لەشانۆی ئۆدین و کاری دیکرۆ.

٢- بەڵگەنامە و گەشتە زانستیەکانی تیپی ئۆدین لە ئیتالیا و ئەمازۆن و هند و وڵاتانی تر.

٣- تۆمارکردنی نمایشەکانی ئۆدین وەك فیلم.

٤- فیلمی نمایشە گرنگەکانی شانۆی هاوچەرخی ئەوروپی و ئاسیایی.

٥- فیلم لەبارەی چالاکیەکانی قوتابخانەی نێو نەتەوەیی ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ (I.S.T.A) و دیکۆمێنتی کارە پراکتیکیەکان.

ئێستا ئەو کۆمەڵەیە کاردەکەن لەسەر دۆزینەوەی زەمینەیەك بۆ بەرهەمهێنانی فیلم کارتۆنێك بەبەشداری منالانی شاری هۆلستیرۆ و منالانی هەندێ وڵاتی دەرەوەی دانیمارك ، یەکەم ڤیستیڤاڵ لەو بارەیەوە لەدانیمارك بوو ، لەوێ چەندین خولی ڕاهێنانی پراکتیکی بۆ ئەکتەر و دەرهێنەران کراوەتەوە بۆ قوڵبوونەوە لە ڕۆشنبیری شانۆییدا هەروەها شانۆیی ئۆدین بەشێوەیەکی پراکتیکی گرنگی دەدات بەبواری شانۆیی منالان و شانۆی قوتابخانە لە دانیمارك.

## سەرچاوە:

١- دوائر المسرح : تجربة الاودن وانثربولوجية المسرح : اعداد د. قاسم بیاتلی بیروت – لبنان، الطبعة الاولى ١٩٩٨.

٢- اوجینو باربا و مسرح اودین : ترجمة: توفیق الاسدی. مجلة (الحیاة المسرحیة) العدد ١١-١٢ سنة ١٩٨٠ سوریا- دیمشق. ص ٤٥ -٤٦ .